ماموستا مەسعوود محەمەد لە دیمانەیەکی تایبەت بە (گولان العربی) دا



# دیموکراسی چەمکێکی ئەرستۆکراسیی و شارستانییە کورد توانای ناز هەڵگرتنی نییە.

*ماموستا مەسعوود محەمەد، خاوەن بیری بەناوبانگی کورد، یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی پتر لە چارەکە سەدەیەکە لەبواری فکریدا بۆ پاراستنی رەسەنایەتی مرۆڤی کورد کار دەکات. یەکێکە لەو نووسەرانەی کەوا هەمیشە بەئاشکرا بیروڕای خۆی دەربڕیوە و بەرەنگاری لاسایی کردنەوە لەبواری ئایدۆلۆژیا بووەتەوە.*
*لەم دیمانەیەدا، بەخێرایی گفتوگۆی لەسەر کۆمەڵێک لەو بیروڕایانە کردووە کەوا لەوەوبەر لەسەری نووسیوە.*
*بۆ گۆڤاری (گولان العربي) ئەم دیمانەیە ئامادە کراو لێرەدا پوختەی بۆ خوێنەرانی کورد بڵاو دەکەینەوە.*

دیمانە: سەرۆ قادر

**گولان: ماموستا جەنابت زۆر لە نووسینەکانی خۆت بۆ ئەوە تەرخان کردووە ئەو تیۆرانە لێک بدەیەوە کە لە کۆمەڵی کوردەواری و لەناو بزووتنەوەی سیاسی کوردو ئیدارەی کوردی هەن، هاوکات بە بوێرییەوە موناقەشەت کردوون و بەرەنگاریی ئەم تیۆرانەش بوویتەوە کە پێت وابووە بە کۆمەڵگەی کوردەواریی نامۆن، بۆیە زۆربەی کتێبەکانت بۆ موناقەشەی ئایدیۆلۆژیای شیوعییەت لە کوردستان تەرخان کردووە لەم دواییەش بیروڕای تایبەتی خۆت لەسەر جۆری دیموکراتییەت لە کوردستان دەربڕیووە، ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە هەنووکە لە قۆناغێکداین کە ئایدیۆلۆژیای شیوعی لەسەر ئاستی دنیاو ناوخۆییشدا نەبوو بە ئەزموونێکی سەرکەوتوو، لەم قۆناغەدا جەنابت چۆن دەڕووانیە ئەم کۆتاییە؟ ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە مەبەستی جەنابت بۆ موناقەشەی ئایدیۆلۆژیای شیوعی پتر بۆ پێکهێنانی ئایدیۆلۆژیای ناوخۆی کۆمەڵی کوردەواری بووە یان وەک هەندێ کەس دەڵێن لەبەرەی ئەو بەرواتە دژی شیوعیەتدا بووی؟**

**مەسعوود محەمەد:** راستییەکەی من لە دەردەوەی کوردایەتییەوە رووبەڕووی شیوعییەت بوومەوە، بەڵام خۆ کورد شتێک نییە لە مرۆڤایەتی و مێژوو و بزووتنەوەی دنیا جیا بێ! من موناقەشەی شیوعییەتم کردووە، ئەو شیوعییەتەی کە بە کوشتن و بڕین یەکسانی دروست دەکا، ئەو شیوعییەتەی وا دادەنێ کە دەبێ کرێکار و جووتیارو پرۆلیتاریا ببن بە حکوومەت، جارێ دەبێ بزانرێ کە کۆمەڵگەی کوردی هیچ بنەمایەکی شیوعییەت یان سۆسیالیستی یا بورژوازی تێدانییەو خاوەنی هیچ شتێک لەو بابەتانە نییە تا سیستمێکی لەسەر هەڵبنێ تەنیا ئەو سیستمە نەبێ کەوەک نەمامێک دەڕووێنرێ و دەبێ ئاو بدرێ و پارێزگاری لێ بکرێ و خزمەت بکرێ ئەوەش لە کوردستان زۆر بەزەحمەت دەست دەکەوێ چ جای شیوعییەت بەخۆی و بە ئایدیۆلۆژیای نەهێشتنی چینە ناوەندەکان!!

ئەگەر چینە ناوەڕاستەکان (طبقات وسطی) مان هەبێ دەبێ شارستانییەتمان هەبێ ـ تەکنیک ـ زانست.. هتد ئەوە هەمووی شارستانییەتە جووتیاری بەستەزمان و کرێکاری ئێمە هەزاران ساڵە بەگاجووت زەوی دەکێڵێ هێشتە فێری ئیمزای خۆی نەبووە.

لای ئێمە پرۆلیتاریا هەر پەیدانەبووە، ئەگەر دامان نا پرۆلیتاریا خوێندەوارەو با باسی پرۆلیتاریای بەریتانیا بکەین خوێندەوارە، بەڵام کرێکاری کارخانەیەک چۆن دەتوانێ ماموستای زانکۆ بێ، چۆن دەتوانێ ببێتە وەزیر، چۆن دەتوانێ ببێتە سەرۆک کۆمار و هتد..

لای من مرۆ هەمووی وەکو یەکە کەس لەکەس رێزدارتر نییە تەنیا بەکردەوەی خۆی نەبێ، داهێنانی ئەدەبی شەرەفی توانای تێگەیشتنی ئەوانە رێزی خۆی دیار دەکەن. من دەڵێم شیوعییەت بۆ کورد نابێ، کوردێکی لە هەموو مێژووی خۆی (صراف)ێکی نەبووە بانکی نەبووە دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە لە مێژوو دابڕاوەو لە دەرەوەی مێژوو دەژی، ئەو کوردە چۆن دەتوانێ ببێت بەو شیوعییەی کە دەبێ بورژوازییەت و سۆشیالیستی جێ هێشتبێ و ببێ بە شیوعی!! ئەمە خەیاڵێکە هەتا دەرچوو کە لە سۆڤیەتیش خەیاڵ بوو.

من زۆرجار کوتوومە هەر چوار کەرتەکەی کوردستان حەقی چوار حکوومەتی کوردی هەیە، کەچی شیوعی پێی ناخۆشە بڵێی کوردم، من خۆم دیومە شیوعی توتنی دزراوی لە جگەرە دەکردو دەیگوت (واوەیلا) لەو کەسە بکەم کە دەڵێ کورد ئوممەیە و شانازی بەو قسەیە دەکرد. من دژی شتێکم یەکەمجار قەت نابێ (مستحیل)ـە، دووەم ئەو رێگەیەی شیوعییەتی جیهانی گرتیەبەر رێگەیەکی کوێرە،

چونکه تۆ ببینه له بورژوازیەتەوە بەرەو سۆشیالیستی لەوێوە بەرەو شیوعییەت، بە بڕوای من لەوە بەدواوە بۆ ئەنارشیزم دەچێ، واتە بێ حکوومەتی.

**گولان: جەنابت بڕوات بەم یەک لە دوای یەک هاتنەی قۆناغەکان هەیە کە شیوعیەت باسی دەکا؟**

**مەسعوود محەممەد:** بڕواناکەم کەسمان ئەوەندەمان مارکس خوێندبێتەوە، تا بزانین مارکس هەموو شتەکانی چۆن گوتووە، بەڵام حەزدەکەم قسەیەکی ئەنگلست بۆ بخوێنمەوە کە دەڵێ: پێشکەوتنی مێژوو بە پێشکەوتنی هۆیەکانی بەرهەمەوە بەندە من بەوەشێت دەبم هۆیەکانی بەرهەم دەستکردی مرۆڤە نەک شتی دیکە.

من گوتومە ئەگەر دەکەس عەبقەری بن یەکێکیان مارکسە، بەڵام مارکس لە سیاسەتەوە بۆ بابەت چووە نەک لە عەلمانیەتەوە، نەک لە کۆمەڵایەتییەوە، کە دەیەوێ چینی کرێکار بگەیەنێتە دەسەڵات.

**گولان: جەنابت باسی ئەوەت کرد کە ئەگەر کار بکاتە سەرلایەنی کۆمەڵایەتی ئەوا من لە هەموو کەس کۆمۆنیست ترم لەرووی بەرابەرییەوە.**

**مەسعوود محەممەد:** من کە لە عێراقدا دەژیم پێم وایە ئەگەر داهاتی نەتەوەیی دابەش بکرێ من بەشێکم هەیە وەک هەر تاکێک لە عێراق، بەڵام ئەگەر هەریەکەمان خزمەتێکمان پێشکەش کردبێ داهێنانێکمان هەبێ مانای ئەوە نیە تۆ لێم بسەنی. من دەڵێم یەک لە هەزاری مرۆڤ داهێنەرە شارستانییەت لەسەر ئەوە بنەمابووە کارەبا داهێنانی ئەدیسۆنە تیۆری رێژەیی (النظریه النسبیه) داهێنانی ئاینشتاینە.

**گولان: سەبارەت بەوەی کۆمەڵی کوردەواری بنەماو زەوینەی خۆشکراوی کەم تێدایەو وەکو منداڵێکی ساوایە دەبێ خزمەت بکرێ و پارێزگاری لێ بکرێ، بەڕای جەنابت کۆمەڵی کوردی هەنووکە دەبێ چ فیکرەیەک وەربگرێ کە بۆ ئەمڕۆی پێویستە؟**

**مەسعوود محەممەد:** کوردستان و کورد ئەگەر ئێرەیەو ئەگەر لایەنەکانی دیکەیە تەنیا رێگەیەکی لەبەردەم دایە، ئەویش پاراستنی خۆی و بەردەوامکردنی خۆیەتی عەرەب دەڵێن (ثبت العرش ثم القروش)تۆ عەرشەکەت نییە نیشتمانێکت نییە دانیان پێ نابێ تۆ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدای ئەگەر لە کولانەیەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ئاگایەکیان لە کورد دەبێ بۆ خۆیانەو هەر ئەوەندش دەکەن. ئەوان نە دایک و نەباوکمانن، ئەگەر ئاوڕێکیشمان لێ دەدەنەوە ئەوا دەبێ مەمنونیان بین، چونکە وا خۆمان ئاوڕ لە خۆمان نادەینەوە!

**گولان: کە بەڕێزتان دەڵێن، ئایدیۆلۆژیای شیوعی بۆ کورد نابێ هەروەک چۆن ئایدیۆلۆژیای دیموکراسیش ناتوانێ جێگەی خۆی بکاتەوە، جا لەبری ئەوە ئێوە چ سیستەمێکتان بۆ ئیدارەی کوردی و کۆمەڵگەی کوردی پێ باشە؟**

**مەسعوود محەممەد:** وەک گوتم کورد هەنووکە لە پلەیەکدایە وەکو کابرایەک سواری بەلەم بێ و نەزانێ دەگاتە کەنار یان نا دەبێ خۆی لە مردن رزگار بکات. لە کوردستانی خۆماندا دەزانین چەندی رۆیی و کرا بە عەرەب ئێستە بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆی ئەو دوو حزبە دایە، پارتی و یەکێتی، ئەگەر لایەکیان فەوتا لایەکەی دیکەش دەفەوتێ پێشتریش پێش چەند ساڵێک بەهەردووکیانم گوتووە، ئەگەر ئێوە یەک نەبن، ئەوا دوارۆژی کورد نییە. ئەگەر یەکتان ئەوی دیکەی خوارد خۆیشی نامێنێ. هەردووکیشیان ئەوە دەزانن ئێستە بەرپرسیاریەتییەکە لە ئەستۆی ئەو دوو حزبە دایە.

**گولان: مامۆستا ئەگەر لە مەسەلەی دیموکراسی بدوێین، ئەمڕۆ تەنگژەی سیاسی لە کوردستان شەڕی ناوەخۆیە باس لە ئاشتی و بێکهاتنەوە دەکرێ، بەڵام تاکە رێگە ئەوەیە هەردوولا باوەڕیان بە دیموکراسی هەبێ و هەڵبژاردن کێشەکان چارسەر بکات.ئێمە ئەزموونێکمان بەناوی دیموکراسی دەست پێ کرد، بەڵام کورد ئەم بەرپرسیاریەتەی پێ هەڵنەگیرا، دوای ئەم چەند ساڵە دەتوانین موناقەشەی ئەوە بکەین ئێمە چ جۆر لە دیموکراتییەت بۆ خۆمان وەربگرین؟**

**مەسعوود محەممەد:** خەڵک پێی وایە دیموکراسیەت بەرگێکەو لەبەری دەکات و تەواو!! بەڵکو دیموکراسییەت شارستانییەتە بە هەموو بوارو لق و پۆپەکانییەوە، شارستانییەت ئەگەر هەزار ساڵ پێش ئێستە قسەی کردبێ بە دیموکراسییەت قسەی کردووە دیموکراسیەت وەرگێردراو (ترجمە)ی شارستانیەتە.

رابردووی ئێمە لە شارستانییەت هیچی دیار نییە ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ ئەوانەی لە خۆشاوی دیموکراتییەت دەخۆن. تۆ لەسەردەمێک داوا لەمن دەکەی بڵێم دیموکراتییەت چ لێ بکەین! من دەڵێم ئەگەر سەرانی کورد وەک کاکە ئەحمەدی شێخ پاک نەبن دیموکراتیەت لە خۆڕا ناتوانێ لە کوردستان دروست بێ، دەبێ بە هەموو مانایەک بەرگریی لێ بکەی دەبێ خزمەتی بکەی و ببی بە خزمەتکاری و پارێزگاری لێ بکەی بەمەشەوە یالڵا ٥٠٪ یان ٣٠٪ بێتە دەست زۆر باشە.

لە هەڵبژاردنی کوردستاندا خەڵک دەنگی دا، بەڵام دوای دەنگدانەکەو فیفتی فیفتی میللەت چ رای بۆمایەوە ئەوەدی دەسەڵات و رای مایەوە ئەوانە بوون چەکیان هەبوو، دیموکراتییەت زۆر بەنازو فیزو ئەرستۆکراسییە دەبێ زۆر نازی هەڵگیرێ. ئەگەرنا ناپارێزرێ.

**گولان: مامۆستا ئاماژەت بە پاشکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی کرد ئەو خیلافانەی لە نێو ئەم کۆمەڵگەیە دەبینرێ لەسەرەک خێڵەکانەوە دەگاتە میرەکان و ئێستەی دوویەش بوونی دەسەڵاتی سیاسی بە درێژایی مێژوو ئەو دووبەرەکیە هەر هەبووە، بەڕای ئێوە چەندی دەگەڕێتەوە بۆ کەموکورتی لە فیکری کوردی.**

**مەسعوود محەممەد:** کەموکوورتییەکە لە شتێکی تایبەتیدانییە، چونکە کورد فیکری نەبووە، لە دوای رووخانی میدیاوە کە دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە کورد بێ مێژووەو لە مێژوو دەرکراوە ئێستە ململانێیەکە لە قالبی خێڵ و سەرەک خێڵ دەرچووە ئێستە ئێمە لە دۆخێکداین زۆر سەختە

**گولان: مامۆستا باسی یەکبوونت کرد نموونەکەش ئەو دوو حزبەن، پێت وایە ئەم دوو حزبە دەبێ یەک بن نەک یەک بگرن بەڵکو یەک بن، ئەوەی من لەبەڕێزتان گەیشتم دەبێ مەبەستت ئەوەبێ کۆمەڵگەی کوردەواری لەم سادەییە توانای فرەحزبی فرە راو بۆچوونی نەبێ بۆیە پێویستی بەیەک ناوەندی بڕیار دەر هەیە؟**

**مەسعوود محەممەد:** ئەوە زەمەنێکی زۆری دەوێ، بەڵام ئەگەر توانیت وابکەی حکوومەتەکەت عەدل بێ و وەزیرەکەت دزنەبێ و پۆلیسەکەت حەرام خۆر نەبێ دەتوانی حکوومەتێکی وەک ئەوەی ئیمامی عومەر بە عەدالەت دابمەزرێنی سێبەری ئەم عەدالەتە وردە وردە بەسەر هەموو خەڵک رابگات، ئەویش ئەگەر دووژمن لێ

بگەڕێ، ئەگەر خۆبەخۆیی واز لە دوژمنداری یەکتر بێنین. یەک حزبی یان دوو گرینگ حکوومەتێکی عەدل هەبێ. بەڵام هەتا ئەو دوو حزبە بەرامبەر یەکتری چەکدار بن ئەوا ئەو حکوومەتە خۆناگرێ و ڕۆژێک دێ تێک دەچێ. بۆیە دەبێ یەکبن خۆ دنیا چەند دەقیقەیەک نییە هێشتە زۆری بەبەرەوەماوە. کێشەی کورد پێویستی بە دیراسەتە نەک چاوپێدا خشاندن. من دژی شیوعییەت بووم کە گوتوویەتی ئەوەی بڵێ کوردم سەری دەبڕم، من دژی شیوعییەت بووم کەڕاوە پێشمەرگەی کردووە، من دژی شیوعییەت بووم کە دەڵی ئەوەی بڵێ کورد نەتەوەیە سەری هەڵدەقەنم، بەڵام بەڕاستی من زۆر بۆ شیوعییەت بەپەرۆش بووم کە زیانێکی زۆریان لە خۆیان و لە کورددا. بڕوا بکەن جارەهای جار لە داخی ئەو زیانانەی بە هەردوولا کەوتووە گریاوم. هەزاران کوژران و یەخەی کوردیان گرت و نەیانهێشت بیزوێ ئەوی لەکیس کوردیان برد لەکیس خۆشیان برد.

**گولان: ئەگەر باس لەبەرەکەی دیکە بکەین کەبەرەی دژ بە شیوعییەتە ئەویش سەرمایەداریی کوردە تۆ دیەنی پاشکەوتوویی لەسەرەتای سەرمایەداری کوردی کە بۆرژوازی کوردە، چۆن دەبینی؟ لەوەدا زۆر بەلامەوە گرینگە بەراوردێکی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین بکرێ. ئێمە لە کوردستاندا لانی کەم هەندێ بنەمامان بۆبەجێ ما، بەڵام هەمووی تالان کراو ئاودیوکرا ئەمە دوور لە خەسڵەتی بورژوازی نیشتمانی یا دەوڵەمەندی نیشتمانپەروەرە کە دەیەوێ وڵاتی خۆی دەوڵەمەندبێ جەنابت ئەوەیان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**مەسعوود محەمەد:** من لەبەرمبەر ئەم وەزعە قسەم کردووە چەند سەیرم پێ دێ کەسێک خۆی خانووەکەی خۆڵی هەڵوەشێنێ و کەل و پەلەکەی بفرۆشێ.

**گولان: وەک بێخمە؟**

**مەسعوود محەمەد:** بەڵێ بێخمە وەک دەڵێن ملیارو شتێکی تێ چووە بەچەند ملیۆنێک فرۆشتیان ئەوە ئیفلاسی شارستانییە ئیفلاسێکی دیکەی سیاسی ئیسپاتە.

من دەڵێم ئەو دۆخەی سیاسییەی ئێستە کورد زۆر ئاڵۆزە، فرە دەرگەیە جگە لە دواکەوتوویییەکەشی کە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە، ئەو هەناسەی ئەفکارە نامۆیەی ئەورووپاش دێ و تێکەڵ بە دواکەوتوویی شارستانییەت دەبێ سەیرە!

ئەگەر من بکەن بە سەرۆکی یەکێ لەو حزبانە لەو ئاڵۆزییەدا کە هەردوولا چەکیان بە دەستەوەیە من ڕەنگە لە ماوەی یەک مانگ یان بکوژرێم یان دەبێ وازبێنم. وەزعەکە ئەوەندە ئاڵۆزە من زۆرجار بەزەییم پێیاندا دێتەوە.

**گولان: بارزانی نەمر لە شەستەکاندا کۆتایی بەم لێکدابڕانە هێناو بزووتنەوەی سیاسی کوردستانی یەکخست و کردی بەیەک دەنگ و یەک (ڕا) ئێستەش لە کوردستاندا دوای بیست ساڵ خەڵک هەست بەو بۆشاییە دەکات کە بارزانی نەمر جێی هێشتووە.**

**ئێستە ئێمە چەند پێویستمان بەم بوژاندنەوەی کەلەپوری بارزانی نەمر هەیە بۆ ئەم یەکبوونەی جەنابت باسی دەکەی تا ئەو بۆشاییە فیکرییەی هەیە پڕ بکرێتەوە یان تەواوبێ؟**

**مەسعوود محەمەد:** پرسیارەکە خۆشە، بەڵام واقیعی نییە، چونکە مەلا مستەفا ناژێێتەوە!

**گولان: مەبەستم کەلەپوری مەلا مستەفایە؟**

**مەسعوود محەمەد:** من کوڕی مەلای گەورەم، بەڵام قەت وەک ئەونیم مەلامستەفا زیندوو نابێتەوە، من دەزانم لە کوردستان سەرۆکێکی وەک ئەو نەبووە، بەڵام لە زەمانی ئەویش لێی هەڵگەڕانەوە، ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی ١٩٦٤ دەستی کرد بەبرا کوژی جارێک دووجاری دیکەش شەڕی لەگەڵ مەلا مستەفا کردو زیانی زۆری بەرەوتی پێشکەوتن دا مەلا مستەفا ئێستەش بێتەوە ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبێتەوە.

**گولان: سەبارەت بە مەسەلەی ئازادی کە نزیکە لە دیموکراسی ئەو کۆمەڵە خەسڵەتەی کە ئێستە جەنابت موناقەشەت کرد پێت وایە چەند بوار بۆ ئازادی تاکە کەس لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە، تا بتوانێ بەشێوەیەکی ڕێک و پێک بەشداری لەو بیناکردنەوە فیکری و ئیدارییە بکات کە جەنابت باست کرد؟**

**مەسعوود محەمەد:** لە نگەرەکە زۆر دالەنگاوە، خەڵک دەیەوێ لە بیروباوەڕ ئازاد بێ لە کردەوە ئازاد بێ، ئەوتاکە زۆربێ دەسەڵاتەو خۆشت دەزانی تا ئێستە بەرگریی لە خۆی نەکردووە.

ڕەنگە ئەوەی دەچێتە ناو حزبێک لەرێی حزبەکەی تەقەتەقێک بکا، ئەوە لایەنی ئەو کەسەی کەسوود لە ئازادی وەردەگرێ، بەڵام لایەنی کە ئازادییەکەی لێ کەم دەبێتەوە شەڕت لەگەڵ دەکا، چونکە لە دەسەڵاتی کەم دەبێتەوە، بەمەش شەڕ لەگەڵ دیموکراسییەت دەکا.

**گولان: مەبەستت لایەنی دەسەڵاتدارە؟**

**مەسعوود محەمەد:** دەسەڵاتدارو بەس.

ئەگەر سەیری ڕۆشنبیران بکەی زۆریان ڕۆیشتن بۆ دەرەوەی وڵات، ئەوەی ماوەتەوە هەندێکیان لەگەڵ دەسەڵاتدارن بۆخۆی ناتوانێ دژی خۆی بێ، بەشێکیش لەماڵی خۆی دانیشتووە.

**گولان: سەبارەت بەلایەنی دواکەوتوویی لە کۆمەڵگەی کوردی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرن بەسەریەوە هەندێکیان ناوخۆیین و هەندێکیان دەرەکی و ئیقلیمی بەڕای تۆ کام لایەنیان زاڵە ناوخۆییەکە یان دەرەکییەکە؟**

**مەسعوود محەمەد:** هەردووکیان ئاوێتە دەبن دواکەوتنەکەی تۆ هی ئەوەیە قەت دەوڵەتت نەبووە ئەوەی لەسەریشت حوکم دەکا هەر بە دواکەوتوت دادەنێ واتە هەردوولا ئاوێتە دەبن ئەوەی دەیەوێ ببێ بە حکوومەت بەڕاستی بە پەرۆش بێ بۆی و، خەڵک پێ ڕابگەیەنێ.

**گولان: من لە نێوان ڕەشبینی یان واقیعبینی جەنابت بەرامبەر بەهەندێ مەسەلە تێ ناگەم؟**

**مەسعوود محەمەد:** ئەوەی من دەیڵێم ڕەشبینی نییە واقیعێکی ڕاستەقینەیەو بەدیلی نییە.

**گولان: لەواقیعدا هیچ ئاستەنگێک لە کێشەی کورد هەیە بێ بەدیل بێ؟**

**مەسعوود محەمەد:** نووسینەکانم بخوێنەوە بزانە ڕەخنە لەچی دەگرن! با خەڵک بەقسەم بکەن ئێستە دەبێ هەر ئەوشتانە دووبارە بکەمەوە (٣٦) ساڵە تێدەکۆشم ئەو تێکۆشانەی خۆم دەسەڵاتم بەسەردا دەشکێ.

من شتێک ماوە باسی بکەم ئەویش ئەوەیەکە دژی شیوعییەت نیم من زۆر هاریکاری شیوعییەکانیشم کردووە بۆشیان گریاوم لە زیندانیش دەرم هێناون شیوعیم بە ئۆتۆمۆبێلی وەزارەت گەیاندووەتە شوێنی مەبەست ■